
# بەردە شكاوەكان




22ی10ی2000
هەندرێن حەمەدەمین
Handren88@hotmail.com




ئەم دەڤەرە
لە شتێک ئەكات دیومە
نازانم
نەجوانی ئەوە لە ناو مندا یاری ئەكات
یان كۆمەلە یادێكی مندالیمە
لە بەهەشت هاتوونەتەوە
لەم سەفەرە نەدیتكەیەمدا
بێ ئاگایانە



بەردە شکاوەکانم
ئەکردە ناو تورەگەی تەمەن
بۆ هاواری خەونەکانی ژێریانەوە
سەمام نەبڕی
لە نغرۆی گریانیشم
هەر نەمبیستن
لە هیلاکی رێدا
زیاتر لە خۆم گرێ ئەدان
ماوەی کردنەوە و
سەیرکردنیان نەبوو
لە حەسانەوەش
هەر بەشی ئەوەم ئەکرد
کە رایانخەم
بەر لە تەواو بوونی راخستن
دێوەکانی خەو ئەیاندزیم
گەلێ جار لە ئەشکەوتەکان لەبیرکراوم و
گەلێ جاریش
لە هەلکشانیان
لێیان بەر بوومەوە
ئێستاش نازانم بۆ
بەردە شکاوەکانم ئەکردە تەمەنی خۆم
لە پەڕینەوەی روبارە تیژەکان

چەند جار خیانەتیان لەگەل کردم
فڕێم نەدان
لە دەریا برسیەکانیش
بۆ چەسپانی خۆیان
رایانکێشامە گەروی مەرگ
فڕێم نەدان
ئەم بەردانە
لە شکانیاندا تیخدارن

وەکو موس
سەری چۆلەکەکانیان ئەبڕی و
بالی پەپولەکانیان ئەبڕیەوە
جێی گەمە بێزەوەرەکانیان
لە سەر پشت و
بەری چاو و
لەپی دەستم شاردۆتەوە
نازانم بۆ
ئەم قورسایەم لە کۆل خۆم نەکردەوە
هەلم گرتن
لەگەل رشانەوەی بەرازەکان
دەرمهێنان


له ژێر تهپله ریخی رزیو
ئهوانیش
جۆگهیان بۆ میزی سهگهکان
گهیانده کوارگهکانی روحم
ئهو جۆگانهی
دهورهیان به گولهباخ گیرابوو
کێ توانای مانهوهی ههیه
له ژووره سوێرهکان
که ژمارهی برین
له ژمارهی موو تێپهڕ ئهبێت
ئازارهکانی بهر بارانی خوێ
ئهوهی خۆشه
هاوارت ئهگاته ئهستێرهکان
نازانم
نازانم نا
ئهم بهردانهم بۆ له کۆل خۆم نهکردهوه
کاتێ
نازی ئهستێرهیهک
ههلیکێشام بۆ سهروی ههورهکان

پشتی دۆلفینێک
ئهیگواستمهوه

بۆ مێرگەکانی پەپولە
چی منی بە ئێوە گرێدا
تا لەم سەفەرەش لێم نەبنەوە
پندڕیچکەن
پندڕیچکە
چیتان لێبکەم لەم دەڤەرە
فڕێتان نادەمە رۆخ شەقامەکان
کە گۆرانی
لە پایزی شارەکەم
بۆ گەرم بوونەوەی زستان ئەڵێن
نەبادە ئاوازەکەی لێ بۆگەن بکەن
دارستانەکانیش وەرتان ناگرن
لە نامەی ئەسپیندارەکانی شەقلاوەوە
ئەتانناسنەوە
ناتانڕێژمە ناو هیچ ئاوێک
تا لەگەڵ باراندا بۆم نێنەوە
زبلدانی ئەم شارەتان پێ پیس ناکەم
بیکەن بە گوفەک
وەک ئەو ماڵانەی کە لێی هاتن
ئەم دەڤەرە
یادە جوانەکانی منداڵیمە
لە سەمای درەختەکان ناسیمەوە
ئەویش
لە زەندۆرەکان ماچی کردم
لە ئەلبومی پیرە سمۆرەیەک

وێنەی بەردەکانی عەزیزبەگم بینی
لە کۆڕی مێژووی قەڵەباچکان
سەرچاوەی ئەنفالم دیتەوە



شەرمەزار
شەرمەزار هاتمە دەرێ
ئەبێ ئەم بەردانە لە کۆڵ خۆم بکەمەوە
بۆ کوێیان بەرم
مەگەر ئەم شیعرە
بۆ سەر سەری
باوانیان
بباتەوە